# مێژووی جموجۆڵی سیاسی
# لە هەڵەبجەدا

**بەکر حەمە  سدیق**

لە ساڵی ١٨٨٩ وە شاری هەڵەبجە جێگەی ململانێی و هەژمونخوازی نێوان جاف و نەیارەکانی بووە، دەسەڵاتی تورک ویستوویەتی ئارەزووی سەرەک خێڵەکانی جاف بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لە ملاشەوە ئینگلیز هەوڵی داوە چاوەکانی خۆی بنێرێتە




ناوچەکەو چاودێرییەکی وردی ڕەوشەکە بکات کە لە دوا سەرەنجامدا لە (میرزا غولام حسێن شیرازیی خزمەتکارەوە) سەری لەگەورە ئەفسەری بەریتانی (میجەرسۆن)ە وە دەرچووە کەلە دواییدا پاش هاتنی ئینگلیزەکان کرایە (حاکمی) ڕەهای ناوچەکە،

ئەم چاودێرییەی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە بەشێک بووە لەو چاودێرییەی کەتایبەت بووە بە میراتی دەوڵەتە نەخۆشەکەی (عوسمانلی) لە ئەستەمبوڵ، هەڵەبجەش هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لەسەنتەری دەسەڵاتی سیاسی نزیک بووە و مەڵبەندی سەرهەڵدانی چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی بووە لە کۆندا گوتویانە هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی و کۆیە لەپارێزگای هەولێر هەمیشە لە مەڵبەندی بڕیاری سیاسی و هۆشیاری و چالاکی ئەدەبی و هونەرییەوە نزیک بووە . لە لایەکی دیکەوە سیاسەت وەکو پیادەکردنی دەسەڵات و هۆشیاری سیاسی لە کەسێتی پیاوانی جافدا بە ئاشکرا ڕەنگی دەدایەوە، هاوکات چاوتێبڕینی تورکەکان و هاتنی سوپای ئینگلیز و دەست پێکردنی سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەرێتی ئەوەندەی تر مرۆڤی ناوچەکەی لە جموجۆڵی سیاسی نزیکتر دەکردەوە، (مەحمود پاشای جاف) کە کوڕە گەورەی (محەمەد پاشای جاف)ە لە گوندی تازەدێی نزیک شارۆچکەی خورماڵ نیشتەجێ بووە، لە کۆتایی بیستەکاندا پێش چەند مانگێک لەکۆچی دوایی، خەڵکی ناوچەکە و چەندین کەسێتی ڕۆشنبیر و ناودار کۆدەکاتەوە و لە ناوچەی زەڵمدا باسی بیرۆکەی دروستکردنی قەوارەی کوردیان بۆ دەکات، بەڵام پێش بەدیهاتنی ئەو ئاواتە دەمرێت و خەونەکەی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژێر گڵەوە[١]. (عادیلە خانم) لە ساڵی ١٩٠٩ تا ساڵی ١٩٢٤ گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا هەبووەو توانیویەتی وەک سیاسەتمەدارێکی کارامە لەناو گەمە سیاسیەکاندا مامەڵە بکات، لە بەرامبەریشدا خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری لایەنگری شۆڕشەکەی (شێخ مەحمودی حەفید) بوونو لەو پێناوەدا شەڕی خوێناویان کردووە، وەک شەڕی (دەربەندی ئەشکەوەڵ) کە لە پشت شاخی شنرویێ لە نێوان گوندی (عەبابەیلێ) و (هاوار) دا روویداوە لە ساڵی ١٩٢١دا هەڵەبجەیەکان بە (٣٢) کەسی چەکدارەوە سوپایەکی (٥٠٠) کەسی ئینگلیزەکان دەشکێنن[٢]. لە ساڵی ١٩٢٤ دا دوای ئەوەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هەرەسی هێنا، یەکێک لە پیاوەکانی ئەو شۆڕشە بە ناوی شێخ محەمەدی وانی هاتە بیارە و پاشان لە گوندی عەبابەیلێ نزیک هەڵەبجە گیرسایەوە لەسەر دەستی ئەم پیاوەدا ئەحمەد موختار جاف و گۆران و

١. لەسەر زاری بەڕێز (مەحمود ئەحمەد) ناسراو بە مەلا مەحمودی ئەوقاف

٢. بەکر حەمە سدیق لاپەڕەیەک لەمێژووی هەڵەبجە، چاپی یەکەم ل٦٦-٧٠

بێکەس و تایەر بەگی جاف و عەلی باپیر ئاغا و مامۆستا بابا ڕەسوڵ بێدەنی و شێخ سەلامی عازەبی فێری سیاسەت بوون، لە چلەکانیشدا سیاسەتمەداری کورد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە حوکمی کارەکەی لە هەڵەبجەدا  بە نهێنی خەڵکی کۆدەکردەوە و هۆشیاری سیاسی پێدەدان.

هەر لەو ساڵانەدا هەڵەبجە ببوە مەنزڵگای دوورخراوە سیاسیەکانی سەردەمی مەلەکی، وەک فائق السامرائی و محمد بحر العلوم و چەندینی تر لەبەرەکەی ترەوە خەڵکی هەڵەبجە هەژموونی بەردەوامیان لەناو حکومەتی مەرکەزیدا هەبووە، وەک حامید بەگی جاف و حەسەن فەهمی بەگ و ئەحمەد بەگی حمە ساڵح بەگ و ئەحمەد موختار جاف هەر جارەی یەکێکیان دەبوە نائب لەپەرلەمانی عێراقیدا.

لە ڕووی هۆشیاری سیاسی و بواری ڕۆشنبیریشەوە هەڵەبجە پێشتر ئاشنایەتی پەیداکردووە لەگەڵیدا، لە تایەر بەگەوە بۆ ئەحمەد موختار جاف و گۆران و دەیان شاعیر و هونەر و خەڵکی ڕۆشنبیری شارەکە تا دەگاتە کاروانی حیلمی و هەژار و ناتق سیاسەتمەدارەکانی شار، هەڵەبجە لێوانلێو بووە لە مرۆڤی ڕۆشنبیر، هەر بۆیە لەگەڵ ئەم ئاستە رۆشنبیریەدا سەرەتای سەرهەڵدانی چالاکی سیاسی و حیزبی لە ساڵی ١٩٣٥ ەوە دەستی پێکردووە  لەو ساڵەدا یەکەم شانەی حیزبی (هیوا) دامەزراوە لە هەڵەبجەدا، ئەم حیزبە لە ناو هەڵەبجەدا تا ناوەڕاستی چلەکان چالاکیی بەردەوامی هەبوو، لەو دەمەدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئێواران کۆمەڵێ رۆشنبیر و فەرمانبەری کۆدەکردەوەو لە باخی میر سفرە و خوانیان دەرازاندەوە و کۆبونەوەی نهێنی پێدەکردن، چالاکی وەکو بەشێک لە کاری حیزبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) ئەنجامدەدا لە پاشاندا ئەم رێکخراوە سەری لە (حیزبی دیموکراتی کورد) ەوە دەرچووە، ئامانجیان (سەربەخۆیی کوردستان) بوو، لە ناوەڕاستی چلەکاندا ئەم حیزبە کە لە دواییدا پێیان دەوت: (پارت) لەگەڵ حیزبێکی تردا بەناوی (حیزبی تەحەرور) دەرکەوتن و ئەندامێکی زۆریان بەدەوردا خڕبوەوە لە ناودارترین ئەندامانی پارت رەئوفی حاجی حەمە عەلی و ساڵح هەژار و نوری حەمەی نانەوا کە لە داوییدا بوو بە شیوعی ناودارترین ئەندامانی (تەحەرور) بریتی بوون لە: عارفی حاجی فەرەج، مەحمودی حاجی رەحیم، عەلی حەسەن جاف، کەمال عەلی باپیر شانەی سەرەکی هەردوو حیزبەکە لە کۆتایی ساڵی  ١٩٤٦دا لە هەڵەبجەدا دروستبوون، لە

ساڵی ١٩٥٢ شدا پاش ئەوەی شێخ مەحەمەد مەحمود سەواف سەردانی هەڵەبجەی کرد لەهەمان ساڵدا یەکەم شانەی حیزبی (اخوان مسلمون) لە هەڵەبجەدا دروستبوو، مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە و مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە پیاوە ناودارەکانی بوون، پاشان چەندین گەنجیان بەدەوردا خڕبوەوە.

ئەم حیزبانە هەرچەندە لەڕووی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتەوە جیاواز بوون، بەڵام لەدۆزە نیشتمانیەکاندا یەک بوون لە ساڵی ١٩٥٨ دا کاتی سەردەمی پاشایەتی رووخاو کورد هەستی بە مەترسی (یەکێتی عەرەبی) کرد، یاداشتێکیان خستە بەردەم (هارۆڵد مەکمیلان) کە ئەو کاتە سەرەک وەزیرانی بەریتانیا بوو، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە



ساڵی ١٩٥٧ یشدا پەنجا کەسی رۆشنبیر و پیاو ماقوڵ و سیاسەتمەداری هەڵەبجە لە باری بارودۆخی کوردستانەوە یاداشتێکی ناڕەزاییان دا بەپەرلەمانی عێراق ، ئەم یاداشتنامەیە لە گۆڤاری (شەفەق)دا بڵاوکراوەتەوە.

لەدوای سەردەمی پاشایەتی لە ناوچەکەدا تەنها (پارت) و(تەحەرور) مانەوە (تەحەرور) یش ناوەکەی گۆڕا بۆ (حیزبی کۆمۆنیستی عێراق) پاشان بووە (حیزبی شیوعی عێراق) بەحوکمی گۆڕنگاریە سیاسیەکانی کوردستان، ناوچەکە، شاری هەڵەبجە پشکی گەورەی لەو گۆڕانکاریی و جموجۆڵانە بەرکەوتووە لە ساڵی ١٩٦١

دا لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێی کورددا کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرمی هەڵەبجەی بەچەک و تفاقی سادە و ساکاریی خۆیانەوە بڕیاریاندا ڕووبەڕووی سوپای زەبەللاحی عێراق بوەستنەوە کە ئەو کات دەیویست بەرەو کوردستان بێت، هەر لەو ساڵەدا فڕۆکەی عێراقی بۆردومانی کردن و چەند کەسێکی لێ بریندار کردن سەرباری ئەوەش فڕۆکەکان بۆردومانی شاری هەڵەبجەیان کرد، پارچەی یەکێک لەو بۆمبانە لە باخی (مەحمودی بارەویس)دا تا سەرەتای هەشتاکان مابوەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ دا کە سەرەتای سەرهەڵدانی زەعیمی بەدناو (زەعیم سدیق) بوو لەسەر دەستی سوپاکەی ئەوداو بە هاوکاری کۆمەڵێ چەکداری خۆفرۆش باخە جوانەکەی (باخی میر) ی سوتاندو ڕیزە دوکانەکانی ناو بازاڕیشی گڕ تێبەرداو خەڵکی شار ئاوارەی چیاو دۆڵەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بوون، دوابەدوای ئەوبەروارە شەڕ و کوشتار و پێکدادان لەو ناوچەیە دورنەکەوتۆتەوە لە ساڵی ١٩٧٤ یشدا هەڵەبجە بووە مەنزڵگای کۆبونەوەو دروستکردنی بارەگای پێشمەرگەی کوردستان و کوانووی هەڵگیرسانی شۆڕش، لە سزای ئەوەدا ڕژێم بە فڕۆکەی هەوایی لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ داو دوو ڕۆژ پاش بۆردومانە خوێناویەکەی (قەڵادزێ) شاری هەڵەبجەشی بۆردومان کردەوە، لە ئەنجامدا (٥٢) کەسی بێگوناهو بێدیفاعی خەڵکی شارەکەی شەهید کرد، سەرباری وێرانکردنی بەشێکی زۆر لە خانووبەرەی شارەکە، سەدان بریندار و سەقەتیشی لەدوایی خۆیی خستەوە هەروەها لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٢ دا پاش زنجیرەیەک خۆپیشاندان و نارەزایی خەڵکی قارەمانی شارەکە هێزەکانی ڕژێمی بەعس بە هەشت کۆپتەری جەنگی پاڵپشتی چەندین زرێپۆش و دەبابە هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و بۆردومانی گەڕەکی (شێخ سمایل) و (خوردانە)ی کرد، زیاتر لە (١٢) کەسی شەهید کرد، بۆ شەوەکەشی هەرچی بریندار و بەرکەوتەی خەستەخانە هەبوو لەگەڵ چاودێرەکانیاندا، هێزەکانی ئەمنی ڕژێم ڕاپێچیان کردن و هەر ئەو شەوە لە نزیک سەربازگەکەی گوندی (بامۆک) زیندەبەچاڵیان کردن، هەندێکی تریشیان بێسەر و شوێن کردن بۆ سەربازگەی (شانەدەری) نزیک شارۆچکەی (سید سادق) و لەوێ پاش گوللەباران کردن بەجل و بەرگەوە بە شۆفڵ ژێر خاکیان نان، لە ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگەی جوتیارێکەوە تەرمەکانیان دۆزرایەوە،. هەڵەبجەی دوای ئەو ڕوداوە چاوەڕوانی کارەساتێکی شووم بوو، ڕژێم لەبۆسەدا بوو بۆ بەهانەی وێرانکردنی

دەگەڕا، لە سالێ ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٨ زۆربەی ساڵەکان، قوتابیان و خەڵکی شار بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژ بە سیاسەتەکانی ڕژێم خۆپیشاندانی جۆراو جۆریان سازدەدا، ڕژێمیش بە گوللە و ئاگر و هێلیکۆپتەر وەڵامی دەدانەوە، تا ساڵی ١٩٨٨ و بەهارە پڕ لە خەمەکەی کورد ، وەک خەزانی ساردە پاییز هەڵوەری و گیانی زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار ژن و مناڵ و پیرو گەنجی شار هەڵوەری...